

زۆرێك لە منالّە ئاوارەكانی كەركوك واز لە خوێندن دەهێنن و ڕوو دەكەنە بازاڕەكانی كار

# منداڵە كوردەكانی كەركوك لە هەژارییەكی كوشندەدا دەژین

**ڕاپۆرتی ئاكۆ شوانی - بارام سوبحی**

●ژمارەیەك لەومندالّە كوردانەی كەلەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە گەڕاونەتەوە كەركوك، بەهۆی هەژاریو نەبونیەوە، وازیان لەخوێندن هێناوە و سەرقالّی كاركردنن بۆ پەیداكردنی بژێوی خۆیانو خێزانەكانیان. لەگەلّ ئەوەشدا ئاواتەخوازن ڕۆژێك بتوانن بگەڕێنەوە بۆخوێندن.

(هێمن عوسمان 14سالّ) كە تاپۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندوە، پاش وازهێنانی ئێستا لەبازاڕی حەسیرەكەی شاری كەركوك لەگەلّ باوكیدا خەریكی تەماتە فرۆشتنە. خێزانەكەی هێمن بەرلەڕوخانی ڕژێم لە(بەردەقارەمان) لەژێر خێوەتدا ژیاون، ئەو شوێنە كە دەكەوێتە سەر ڕێگەی گشتی (كەركوك، سلێمانی) یەوە،ماوەی چەند سالّێك كامپی هەموو ئەو كوردانە بووە كەڕژێمەكەی سەدام لەكەركوك بەهۆی كوردبوونیانەوە لەزێدی خۆیان دەریكردون، ناوی بەردەرقارەمانیش دەگەڕێتەوە بۆ بیستەكانی سەدەی پێشوو، كاتێك (شێخ مەحمود) یەكێك لەسەركردەكانی كورد لەوێدا دژی بەریتانیەكان شەڕی كردووە لەپەنا بەردێكی ئەوناوچەیەداو ناوەكەش لەوێوە سەرچاوەی گرتوە. زۆرێك لەوانەی لەو كامپەدا بوون چاوەڕوانی ڕۆژێك بوون بگەڕێنەوە بۆ شاری كەركوكی دەولّەمەند بەنەوت و لەوێ درێژە بەژیانی خۆیان بدەن، دوای ڕوخانی ڕژێمەكەی سەدام لەبەهاری (2003) هەموو ئەوخێزانانە ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕێكەوتو گەڕانەوە بۆ كەركوك، هێمن لە چەمچەمالّ لەدایكبووەو تەنها لەدایكو باوكی بیستووە كەباسی كەركوكیان كردووە، بۆیە ئارەزووی ئەوەی كردووە ڕۆژێك كەركوك ببینێت، هێمن دەلّێ " من كاتێك لە ئۆردووگای بەردە قارەمان لەژێر خێمەدا بووین هیوام ئەوەبوو كە كەركوك ئازاد بكرێت و بڕۆمەوە". دەربارەی ساتەوەختی ئازادكردنی كەركوكیش دەیووت". ئەو ڕۆژەی كەركوكی ئازاد كرا ئێمە هەموومان ئەگریاین، دایك و باوكم خەریك بوو لە خۆشیدا شێتبن". بەلاّم كاتێك هێمن دەگەڕێتەوە كەركوك سەرەتا لەخانویەكی كرێدا نیشتەجێ دەبنو دووسالّ لەقوتابخانەیەكی عەرەبی دەخوێنێت" مەدرەسەكەمان زۆر ناخۆش بوو، مامۆستاكان كوردییان نەئەزانی".

دواتر دەچنە یاریگای شۆڕیجەو لەوێ نیشتەجێدەبن، "مەلعەبەكە نەئاو نەكارەبا نەهیچی تیابوو، ئەوەندە ناخۆش بوو دەمووت خۆزگەم بەژێر خێمەكان، كەی ئەوە ژیانە "، لەوێش هێمن عوسمان تاپۆلی چوارەم درێژە بەخوێندن دەدات، دووری قوتابخانەی كوردی وا لەهێمن دەكات وازلەخوێندن بهێنێتو لەگەلّ باوكیدا دەست بكاتە تەماتە فرۆشتن، باوكی هێمن پێیوایە ئەم كارەی كوڕەكەی لەخوێندن باشترە"باوكم دەلّێت ئەمە باشترە"، بەلاّم ئەو مندالّە كوردە پێچەوانەیە لەگەلّ بۆچوونی باوكیو بەحەسرەتەوە كۆتایی بەگێڕانەوەی چیرۆكی ئەوتەمەنە كورتەی هێناو

ئاماژەی بەوەکرد" ئێستاش کە منداڵێك دەبینم دەچێت بۆ مەکتەب قورگم پڕ گریان دەبێت".

شاری کەرکوك زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردەو، کوردەکانی هەرێمە کوردییەکەی باکوری عێراق بە یەکێك لەشارەکانی خۆیانی دەزانن، ئەمەش بەردەوام بۆتە گرفت لەنێوان دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقیو ئەو کوردانەی لەپێناوی سەربەخۆیی ئەو ناوچە کوردییەدا جەنگاون، لەسەردەمی بەعسدا ژمارەیەکی زۆر عەرەبی ناوچەکانی دیکەی عێراق هێنراونو لەکەرکوك نیشتەجێکراون، دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدامیش لەچوارچێوەی دەستوری عێراقییدا پاش ململانێیەکی زۆر میکانیزمێك دانراوە بۆ"ئاسایکردنەوەی بارودۆخی دیمۆگرافی کەرکوك" کەبەمادەی (140) ناسراوە، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقیش تائێستا بەشێکی زۆری کوردەکانی ئەوشارە ژیانیان لەئاوارەییدا دەبەنەسەرو بێبەشن لەزۆربەی پێداویستیەکانی ژیان، سامانە زۆرەکانی ئەوشارە نەیتوانیوە گۆڕانکاری بنچینەیی لەژیانی دانیشتوانەکەیدا دروست بکات، لاوازی باری ئابوری یەکێکە لەگرفتەکانی دانیشتوانی کەرکوكو بەوهۆیەوە کاتێك بەسەر شەقامەکانی کەرکوکدا گوزەر دەکەیت لەبری باخچەو پاركو شوێنی حەوانەوەی منداڵ، چەندین منداڵ دەبینیت کەسەرقاڵی کارکردنن.

(عیماد محەمەد15ساڵ) تاپۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوە، پاش مردنی باوکی لەگەڵ دایکیدا دەستدەکەن بەکارکردن بۆپەیداکردنی بژێوی خێزانە چوار کەسییەکەیان، دایکی عیماد لەبازاڕی شۆریجە ماست دەفرۆشێت و خۆیشی لەیەکێك لەچێشتخانەکانی کەرکوك شاگردە، کاتێك لەبارەی وازهێنانیەوە لەخوێندن بۆ لڤین دوابە چاوی پڕفرمێسکەوە وتی" هەرکاتێك منداڵێك دەبینم لەگەڵ باوك و دایکی دێنە ئێرەو ئاش دەخۆن خەریکم بمرم بۆ دایکم و خوشکەکانم، چونکە سکم بۆیان ئەسوتێت. خەڵك چۆن دەژیت وئێمەیش لە کوێین". ئەو ئەوەندە بێزارە لەژیانی خۆی بەرستێك خەمەوە کۆتایی بەقسەکانی هێناو فرمێسکی چاوەکانی نەیهێشت درێژە بەپرسیارەکانمان بدەین، عیماد دەڵێ " نازانم خوا بۆ منی لەکەرکوك دروست کرد بۆ نەمی کردە کوڕی دەوڵەمەندێك یان لە وولاتێکی تر لە دایك نەبووم".

"ڕۆژێك لەگەڵ عەرەبێکدا بوو بە شەڕمان و پێموت تادوێنێ کوردتان ئەنفال دەکرد، ئێستاش هەر ئەمرم بەسەرا ئەکەیت، بۆیە لەوڕۆژەوە بڕیارمدا پێڵاوی عەرەب بۆیاخ نەکەم"، ئەمە یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە (جومعە فاتح 17ساڵ) لەکاتی بۆیاخکردنی پێڵاوی عەرەبێکدا لەنزیك مەحکەمەی کەرکوك بەسەریدا هاتووە، ئەو و برایەکی ڕۆژانە کاردەکەن بۆ خێزانە شەش کەسییەکەیان. جومعە ماڵیان لەگەڕەکی (نەسر)ی شاری کەرکوکە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبە، لەگەڕەکەکەیان قوتابخانەی کوردی نییە، تەنها لەگەڕەکی شۆریجە قوتابخانە هەیە کەچەند کیلۆمەترێك لەو گەڕەکەوە دورە کەماڵی جومعەی لێیە، ئەو وتی " بۆیە وازم لە خوێندن هێناوە.چونکە من ماڵمان لە(حەی نەسر) بوو، خوێندنەکەیشم لە شۆڕیجە بوو و نەمدەتوانی هەموو ڕۆژێك کرێ سەیارە بدەم"، ئەو منداڵە کوردە بێزاری خۆی لەعەرەبەکان دەردەبڕیو دەپپرسی" نازانم مەسئولەکانمان لەکوێ خەوتوون، وا عەرەب ئاوهامان بەسەر دێنێت؟".

دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژەش (ئازاد عوسمان 14ساڵ) بە تەپەدۆرێکی چلورە فرۆشتنەوە بەرەو گەڕەکی (خەزرا)ی شاری کورکوك دەگەڕایەوە، ئەو تاپۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوەو، پاش گەڕانەوەی بۆ کەرکوك بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی کوردی لەگەڕەکەکەیان وازی لەخوێندن هێناوە" ئەمساڵ نەچووم بۆ مەکتەب ،پارەمان نییە هەموو ڕۆژێك لێرەوە بە تاکسی بچم بۆ رەحیماوا"، ئەو منداڵە لەدەردی نەخوێندەواری تێگەیشتوەو، پاش وازهێنانیشی لەخوێندن هەربەهیوایە ڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە" من هیوایەتم خوێندنە چونکە نەخوێندەوار وەکو کوێر وایە، چاوەڕوانم قوتابخانەی کوردی بکرێتەوە ئینجا دەخوێنم ئەگەر دەساڵی تریشبێت".

ئەو گەڕەکەی ماڵی ئازادی لێیە گەڕەکێکی عەرەب نشینەو لەماوەی ڕابرودا چەندین جار تەقینەوەو کاری خۆکوژی تیا ڕوویداوە، ئازاد عەرەبەکان بە "عەرەبی تەعریب" ناودەباتو، وەکو کوردێکیش خۆی بەخاوەنی ڕەسەنی کەرکوك دەزانێت، بۆیە دەیووت" ئەو هەموو عەرەبی تەعریبە ژیانیان خۆشەو دەخوێنن، ئێمەش بە حیساب خاوەنی شارەکەین کەچی هەر وا بە ڕەزیلی ژیان دەبەینە سەر؟!".

